**پەلاماری هێزەکانی رێژیم بۆ سەر سیدی کلوپەکان و بۆ کۆکردنەوەی سەتەلایت لە بانە**

لە ئێوارەی رۆژی 2005/10/29، هێزەکانی رێژیم لە شاری بانە، پەلامارێکیان بۆ سەر سیدی کلوپەکانی ئەو شارە، بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئەو سیدییانەی تاوانی شەهید کردنی شوانەی سەیدقادری لە سەر تۆمار کراوە و ئەو سیدییانەی بەو بۆنەوە بڵاو بوونەتەوە، دەستپێکردوە. لەم پەلامارەدا، هێزەکانی رێژیم بە کتوپری خۆیان دەکەن بە شوێنانەدا، دەیانپشکنن و بێ حورمەتی بە خاوەنەکانیان دەکەن. شایانی باسە، هەزاران سیدی لەو جۆرە لە شاری بانە بڵاو بووەتەوە کە بووەتە هۆی تووڕەیی کاربەدەستانی رێژیم.

هاوکات بۆ کۆکردنەوەی سەتەلایت پەلاماریان بردووەتە سەر، ژمارەیەکی زۆر لە ماڵان و ژمارەیەک ئامێری سەتەلایتیان کۆکردوەتەوە.

کار بەدەستانی نەزانی رێژیم پێیانوایە، بە کۆکردنەوەی ژمارەیەک سیدی و سەتەلایت، دەتوانێ بیری ئازادیی لای مرۆڤی کورد بکوژن و لە خەبات بۆ رزگاری و سەربەخۆیی لایدەن و وازی پێبێنن، کارێ کە دەسەڵاتدارانی هاوکووف و پێش کۆماری ئیسلامیش کردیان بەڵام سەرنەکەوتن!

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**
**10/خەزڵوەری/2705**
**1/نۆڤیمبەری/2005**

www.ruk2691.com
www.rukusa.com

کوردستان (ناوەندی) Email: ruk2691@yahoo.com -TEL: 009647504480467

ئەمریکا Email: ruk_usa@yahoo.com -TEL: 202-4923-235, 519-489-0162, 703-286-5389

ئوروپا Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157

ئادریس: باشوری کوردستان، هەولێر شەقامی شەست میتری، کۆڵانی19 ، گەڕەکی – 336مامۆستایان، ژمارەی خانوو (7)

TEL:2226682 - Mob: 4480467